# ناشوێن



**یوسف عێزەدین**

**بۆ "Anitas Espander" لە هەر نا شوێنێك بێت**

من لەکوێم؟
لەبەر دەرکەی کام سەفەرا
زەلیلم وەك زەلیلیی ئاو
بۆ گەرمەتاوێك بمباتەوە بۆ ئاسمان
تا لە باوەشی هەورا
بیر لە بارینی دڵۆپەکان بکەمەوە
چاوەڕێم
چاوەڕێی کام قەدەرم
جوانتر بێ لە قەدەری حەرفەکانی وەهم
سەیرتربێ لە وشەکانی با
قوڵتربێ لە دەروونی شێتەکانی بەهەشت.
من چاوەڕێی چیم؟

بۆ بینینی چ پەلکەزێڕینەیەك ڕاوەستاوم؟
بیر لە چ گەردوونێکی بێ ئەستێرە دەکەمەوە؟
خەون بە رووکاری چ کتێبێکەوە دەبینم
پڕبێت لە سیحری پاساژەکانی مێخەك؟
نغرۆ بێت لە بۆنی مەمکۆڵانی کچۆڵانی خەون؟
من چاوەڕێی چیم؟
بۆ تینووم وەك باڵندە بێپەڕەکانی دۆزەخ
ماندووم وەك جەللادەکانی حەقیقەت
سووتاوم وەك دەنکەکانی هەنار.
من لەکوێم؟
لە کۆریدۆرەکانی کام مێژووا
تێکەڵ بە بۆنی نۆستالژیای کام ڕۆژگارێ
لە دوای کام کاروانێ و
لەپاڵ کام چەتە و پیاوکوژ و بازرگانێکا
لە پاساژەکانی کام زەمەنا
لەنێو کام باوەڵ و سەرداب و پێچوپەنای
کۆشکەکانی خەیاڵا بۆ وێنەیەکی
لێکچوو بە خۆم دەگەڕێم؟
لە چ ئان و ساتێکا
بۆ بینینی چرکە و خولەك و کاژێری
یەکەمین کاتژمێری لم دەگەڕێم؟
من لەکوێم؟
کام تۆپۆگرافیایە
کام پانتایی جوگرافیایە
کام کون و کەلەبەری شوێنە
من لەنێویا هەم؟
من لەکوێم؟
لە کام سەرابستانا تینووم؟
لە کام نەخشەدا بۆ ئاو دەگەڕێم؟
ئاوێکی زەلیل وەك خۆم
چەواشەی چ بەهەشتێکم کە نایبینم
تا دەم بنێمە رووبارە سەیرەکانی
تا تێر ئاوبم لە زنە و کانییەکانی
نایبینم
تا سەرسامبم بە بینینی حۆرییەکانی
خەفەت بۆ غولمانەکانی بخۆم
سڵاو لە بەهەشتییەکان بکەم
هەواڵی بێزارییان ببیستم.
من لەکوێم؟



لە دەرەوەی کام شوێن بۆ شوێن دەگەڕێم
تاجەستەی قوڕاویم
لەژێر بارانیا بشۆمەوە؟
من لەکوێم؟
تا بۆ ناشوێنێك بگەڕێم
نەفرەتی سولایەك لە بەشەری
لە خۆم نەرمتری
تیا بنێژم؟
تا گوڵە وشکەکانی تیا بچێنم؟
ئەو گوڵانەی بە هەڵمژینی
بۆن خوێنی کوژراوەکانی عەدەم
دوا هەناسەیان دا و مردن.
دەبێت ئەو گوڵانە ئاودەم بە فرمێسکی
هەموو ئەو دیناسۆرانەی پەشیمانن
لە بەجێهێشتنی زەوی بۆ ئێمەی بەشەر
ئێمەیەك لەوان درتر، لەوان شێتتر
لەوان کلۆڵتر و بەدبەختتر.
ئێمەیەك کە نازانین نەوەی کێین
نەوەی ئادەم و حەوایەك لە تاوان
کە خالیق ویستی زەمین
بەوان بکاتە گۆمێك لە خوێن
یان نەوەی گۆریلا داماوەکانی جەنگەڵ.
من لەکوێم؟
لە کام دەریادا بۆ حۆرییەکانی دەریا
دەگەڕێم
تا دەم بنێم بە لێویانەوەو
لە واتای چرپە بگەم؟
لە کام دوورگەدا گوێ بۆ دەنگی
باڵندەکانی سیحر رادەگرم
تا پاش ئەوان هیچ نەڵێم؟
من لەکوێم؟
لەسەر ئەم زەمینەم یان لە شوێنێکی دی؟
ئەی ئەگەر لێرەم
بۆ هەلوەسەی بینینی زەمینێکمە لە خۆڵ
لە ئاو، لە بەرد، لە هەموو ناوهاتووەکانی
نێو کتێبەکانی بایۆلۆژیا؟
بۆ هستریامە بۆ دۆزینەوەی
یەکەمین شوێنپێی مرۆڤێك
لە تان و پۆکانی شوێن؟

کام شوێنە ئەودالێم؟
ئەو شوێنەی کە خالیق دروستیکرد
یان ئەو شوێنەی پێش ئەویش هەر هەبوو؟
کام شوێنە سەوداسەری بینینیم؟
ئەو شوێنەی بەردمانکردە
سەرەتای ئەوەی ئێستا
بەردبارانمان دەکا
یان ئەو شوێنەی قورمان تیاکردە
سەرەتای حیکایەتەکان
تا هەموو حیکایەتەکانمان لە قوڕ هەڵشێلین؟
کام شوێن؟
ئەو شوێنەی زمانمان تیا پژا
بە سەرجەم ئاوەڵناوەکانی جەهل؟
ئەو شوێنەی بۆ یەکەمجار
خوێنی ئاژەڵەکانمان
تیا کردە یەکەمین وێنەکانی
سەر دیواری ئەشکەوت؟
ئەو شوێنەی هێندەی قووڵایی زەمەن
یەکترمان تیا ئەتککرد و
پڕ بە دڵی خۆمان سواری
ئەندێشەی هەموو ئەوانە بووین
کە لە ئێمە دەچوون
یان ئەو شوێنەی
بەشێکە لە خەیاڵی نەوەیەك
لە مردووەکانی ناشوێن
بەشێکە لە خەیاڵی ڕەوێك
لە حەیوانەکانی ئەزەل؟
من لەکوێم؟
لە چ شوێنێکا خەوتووم؟
خەون بە چ نەهامەتییەکی دیکەی
سیمای ئاگرەوە دەبینم؟
سەیری کام دۆزەخ دەکەم
کە گوناهەکانم ناگرێتە خۆی؟
بیر لە چ کوفرێك دەکەمەوە
تا دەرکەکانی ئەو دۆزەخەم
بۆ بخرێتە سەر پشت؟
حەزم بە بینینی کام زەبانییەو
جەللاد و ئەژدەهای
پشتی ئەو دۆزەخەیە

تا هێندە تینووی بینینی بم
نازانم لە کام ڕێگەوە بچمەوە سەری
تا لە بەهەشتی ئەم دنیایە هەڵبێم؟
کام ڕێگەی تاوان بگرمە بەر؟
شەڕ بە کامە ئەفسانە بفرۆشم؟
لەگەڵ کام داستان بجەنگێم؟
نەفرەت لە کام فریشتە بکەم؟
کام خوداوەند لە خۆم تووڕەبکەم؟
نازانم لە کام مێژووەوە دەستپێبکەم؟
ببمە فەرمانداری کام سوپای خوێناوی؟
سەفەر بە کام ڕێگەی کوشندەیا بکەم؟
لە کەللەسەری کام میللەت
قەڵا و قوولە دروست بکەم؟
وێنەی کام جەنگاوەر بەرزکەمەوە؟
لەگەڵ کامیان ببمە هاوڕێ؟
بچمە سەردانی کامیان؟
لە حزووری کامیانا بنووشتێمەوە؟
نازانم لە جەنگیزخانەوە دەستپێبکەم
یان لەو کۆنتر بکەمە هاوڕێی
سەفەری قڕکردنی بەشەر؟
نازانم بە هەمان ڕێگەی ئەوانا ڕەوبکەم
یان ئەوانیش لەگەڵ خۆم بەرمە
سەمەرقەند، دواتر بوخارا و هیند
پاش زەمەنێکیش لە ڕێکردن بیانبەمە
سەر شوێنی سردراوەی کارتاج
یان هەر لێرەوە دەستپێبکەم
لە شوێنجێگەی زامەکانی
هەموو ئەو مرۆڤانەی بۆ بینینی خوا
وەك هیچێتی دنیا توانەوە
وەك هەموو ئەوانەی
وەك حەللاج
لە ڕێگەی دۆزینەوەی خوایا
خۆیان لەنێو سەجع و ڕەوانبێژیی عەدەما
لە ڕۆژگارێکی خۆڵاوییا لەبیرچوو
بەڵام هەر ڕۆیشتن
تا بوونە هەڵم و تەم و هەور
بوونە باران بۆ هەموو
ئەو زەوییانەی کە نەبوون
بوونە خەیاڵی قوربانییەکی ماسۆشی

که به شوێن سادییەتی جەللادێکا دەگەڕێ
که خۆی نەمابێت و بووبێته تەور
بووبێته نەفرەت و رك
تا وەك ئەو فریشتەیەی ڕۆح دەکێشێت
ڕۆحیان بکێشێت..
نازانم له کوێوه دەستپێبکەم؟
له کام کیشوەرەوه ڕێگه بگرمەبەر؟
له کام دەریاوه سەفەر بکەم؟
کام توخمی بەشەر
بکەمه هاوڕێی سەفەر؟
بگەمه چەند بەندەرو
له نێوگەڵی چەند سۆزانییا بخەوم؟
بۆنی سنگی کامیان
لەگەڵ خۆم بێنم؟
یادەوەرییەکانی کامیان
بخەمه پریاسکەی سەفەرم؟
بیر له نێوگەڵی کامیان بکەمەوه؟
چاوی شەهوانیی کامیان
بکەمه فیگۆری حەزی شێتانەم؟
بۆ کام دڵۆپه سپێرمم
حیکایەتی دۆڕانی ئەوان بگێڕمەوه؟
وێنەی ئاڵۆشاوییانەی کامیان بهێنمەوه
تا هەموومان له ماناکانی یەئس بگەین؟
حەز له کامیان بکەم و
کامیان لەویتریان جوداتر ببینم؟
من لەکوێم؟
له کام شوێنی ئەم دنیایه
بۆ تۆ بگەڕێم و
نەتدۆزمەوه.